عەراقچی: بە ئامانجگرتنی کارگەکانی وزە لەلایەن ئیسرائیلەوە پێچوانەی وادەی ترەمپە

عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاند، بە ئامانجگرتنی پێگەکانی پیشەسازی پێڵا و وزە لەلایەن ئیسرائیلەوە پێچوانەی وادەی دیاریکراوی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکایە بە دیپلۆماسی و جەختی لێوە کردەوە کە تەلئەبیب "باجێکی قورس دەدات بە تاوانکانی".

عەباس عەراقچی لە پۆستکدا لەسەر پلاتفۆرمی ئێکس نوسیویەتی، "ئیسرائیل دو لە گەورەترین وەستگەی پێڵاینی ئێران و وەستگەیەکی کارەبا و شوێنە ئەتۆمییە مەدەنییەکانی ئێرانی کردە ئامانج، ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا ئەو کارەی ئەنجامداوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "هەرشەکە پێچوانەی ئەو وادەی درێژکراوەیە بە دیپلۆماسی کە لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە دیاریکراوە".